# بێدەنگییەکی سەیر لە هەمبەر هەڕەشەکەی سەرکۆماری کاتیدا*

گۆران قەرەداغی

لە مێژە بیرۆکەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک لەمەڕ چارەنووسی باشووری کوردستان، لە نێو ڕووناکبیرانی کورددا هاتۆتە گۆڕێ. سەرەتای پەیدابوونی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان و ئازادکردنی زۆرینەی ناوچە کوردستانییەکان. ئیدی لەو دەمەوە کوردستان لە ئالی پراکتیک و گەلێ ڕووی دییەوە، لە ئێراقی عەرەبی دابڕاوە و بە ئاراستەیەکی تایبەتدا گەشەدەکات، ڕۆژ بە ڕۆژ لە بوارە جیاجیاکانی وەک ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا، پتر و پتر لە سیستەمی باوی ئێراق دووردەکەوێتەوە و زیاتر مۆرکی تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت.

دوای لێدانی ڕژێمی بەعس و تەفروتووناکردنی لە لایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، بیرۆکەی ڕیفراندۆم گەشەی کرد و بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی جەماوەری لێکەوتەوە. بزووتنەوەکە بە گەرمی و جۆش و خرۆشێکی بێوێنەوە، لە لایەن ڕووناکبیران و جەماوەری میللەتەکەمانەوە، هەم لە وڵات و هەم لە هەندەران، پێشوازی لێکرا. گرنگترین خواستی ئەم بزووتنەوەیە، ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە لە کوردستاندا، تا بە سەرپەرشتی و چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپایی و ئاگاداریی هەموو جیهان، کوردیش قسەی خۆی لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بکات. تا ئەمجارەش وەک سەردەمی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، ئێراقێکی کۆت و زنجیر، لە دژی خواستی کورد و بێ هیچ پرسێک بە کورد، نەئاڵێننەوە لە لاقی کوردەوە و بۆ هەتاهەتایە تێیدا هاووڵاتیی پلە دوو بین. کورد لە ئاوەها ئێراقێکدا لە کوێرەوەری و کوشتن و بڕین بەولاوە چی وەگیرکەوتوە و دەکەوێ.

بزووتنەوی ڕیفراندۆم، سەرەڕای کۆمەڵێک گیروگرفتی ئابووری و تەکنیکی، توانی لە بەهاری 2004 دا، لە کوردستان و هەندەران، 2 ملیۆن ئیمزا کۆبکاتەوە، کە بریتییە لە پشتگیرییەکی بێوێنەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک لە کوردستاندا.

ئەنجومەنی کاتیی حوکمی ئێراق، هەرگیز مەسەلەی ڕیفراندۆمی نەکردە خاڵێکی پرۆگرامی کۆبوونەوەیەک، ئەمە بەو مانایە دێت بچووکترین ڕێزی بۆ 2 ملیۆن ئیمزای میللەتێکی خۆبەخش و قارەمان دانەنا، کە بڕبڕەی پشتی ئەو تێکۆشانە بوو، سیستەمی سەددامی ڕاماڵی و زەمینەی

هاتنی ئەمی خۆشکرد. کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕێفراندۆمیش لە کوردستاندا، نقەی لێوە نەهات.

ڕۆژی 2 ی ئۆکتۆبەری 2004، بزووتنەوەی ڕێفراندۆم، لە کوردستان و تەواوی دونیادا مانیفێستێکی ئاشتییانە و شکۆمەندانەی لە شێوازی ڕێپێوانێکدا ئەنجام دا، کە پەیامەکەی تەنیا ئاراستەکردن و بەرزکردنەوەی خواستی ئەنجامدانی ڕێفراندۆم بوو لە کوردستاندا، بۆ ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

لە 5 ی ئۆکتۆبەدا، واتە 3 ڕۆژ دوای مانیفێستەکە، (غازی یاوەر) ی سەرکۆماری کاتیی ئێراق، لە تەلەڤزیۆنی ئەلعەرەبیەوە، دەڵێت: "باسکردنی جیابوونەوە قەبوڵناکەین، ڕێفراندۆم لە کوردستاندا خەیانەتی نیشتمانییە بەرامبەر بە ئێراق، ڕاستە ئێمە بڕوامان بە دیموکراسی و مافی ئازادی دەربڕین و فیدرالی هەیە، بەڵام هەرگیز بە جیابوونەوە قایلنابین و بە هەموو هێزمانەوە شەڕی جوداخوازان دەکەین". ئەم قسەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە خاوەنەکەی نە بڕوای بە دیموکراسی و پلۆرالیزمە، نە دەشزانێ مافی چارەنووسی میللەتان بەری بەکوێوەیە.

دوابەدوای ئەو قسەیەی یاوەر، کۆمیتە باڵاکانی ڕێفراندۆمی دەرەوەی وڵات و گەلێ کۆمیتەی دی و کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی دڵسۆزی میللەتەکەمان، لە کۆمەڵێک بەیاننامە و وتاردا، بە توندی بەگژ ئەو ڕاگەیاندنە شۆڤێنیستانەیەی (یاوەر)دا چوونەتەوە و بەرگرییان لە خواستی ئاسایی و ڕەوا و دیموکراتییانەی ڕێفراندۆم، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد، لە لایەن کورد خۆیەوە، کردووە. کەچی وا دوو هەفتە بەسەر هەڕەشە شۆڤێنیست و شەڕەنگێزانەکەی سەرکۆماری کاتیی ئێراقی نوێ، پلۆرالیست، دیموکرات و پەرلەمانیدا تێدەپەڕێ، کەچی هێشتا لایەنێکی ڕەسمیی کورد بەدەنگ نەهاتووە، هێشتا کۆمیتەی باڵای ڕێفراندۆمی کوردستان کڕ و بێدەنگە. کۆمیتەی کوردستان دەبوو پێشەنگی وەڵامدانەوە بایە، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی ئەم بوو پێشەنگی بزووتنەوەکەی دەکرد، زۆربەی ئیمزاکان بۆ ئەم کران و لەگەورەترین ڕێپێوانیشدا ئاپۆڕەی جەماوەر لە دووی ئەم کۆمیتەیەوە ڕێیان دەکرد. بە مانایەکی دی، بێدەنگیی کۆمیتەی باڵا، قایلبوونە بە هەڕەشەی شۆڤێنزمی عەرەبی و ئەو سووکایەتییەی کە شۆڤێنیستانی عەرەب، لە زاری غازی یاوەری تازە نوێنەریانەوە، بە هەمان بیانووی سەردەمی سەددامەوە، واتە "پیرۆزیی یەکێتیی خاکی ئێراق" ەوە، لەژێر ناوی دیموکراسی و پلۆرالیزم و فیدرالیزمدا، ئاراستەی سادەترین مافی نەتەوەکەمانی دەکەن.

16 ی ئۆکتۆبەری 2004

* ئەم وتارە بۆ هەفتەنامەی (چاودێر)یش نێردراوە کە لە کوردستان دەردەچێت.